www.kurdistannet.org
10-10-2006 22:03بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دادگاییکردنی فایلدارەکان و ڕوخاندنی ڤیلا تەجاوزەکان ... عەلی مەحمود محەمەد

هێشتا بڕیارە گرنگەکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕوخاندنی ڤیلا تەجاوزەکانی بەرپرسە دەست ڕۆیشتووەکان، وەك مێژووی کارەساتەکانی ڕابردوو لە بیرمان نەچۆتەوە، هەرچەندە زاکیرەمان ئەوەندە لاوازە تاکو ئاستی ڕاوەستان، وەلێ ئەو بڕیارە گرنگ و پڕ بایەخە هێشتا بۆن و بەرامەی هەلاوی مەرەکەبەکەی لە لوتماندایە، پێشبینیم دەکرد دوای ئەو بڕیارە نەك تەنها ڤیلا تەجاوزەکانی بەرپرسەکان هەموو بڕوخێنرێن، بەڵکە لای خۆمەوە بە پێی ئەو بڕە هوشیارییە قچکۆکەی کە هەمە، دام نابوو قەسرەکانی سەرۆکەکانیش لە سەری ڕەش و بنی دوکان و کۆیەو قەلاچۆلان، لەبەر ئەوەی بە پێی دەستووورە ساواکەی کوردستان موڵکی گەلن، هەموو بەدوایدا چۆڵ کرێن، بکرێن بە پڕۆژەی گەشت و گوزاری و ناوەندی ڕۆشنبیری، تەنانەت متمانەم هەیە ئەوەشی ئەم 14 ساڵە بە کار و کاسبی کۆیان کردۆتەوە، هەمووی بگەڕێننەوە بۆ وارەکەی گەل، یانی لە بەیت العائلە و بەیت الشەخس و بەیت الحزبەوە بیگەڕێننەوە بۆ بەیت المال، لەوەش ئەولاتر دام نابوو باجی ئەم چەند ساڵەی ئەم هەموو کۆمپانیای تەلەفۆن و چاڵ هەڵکەندن و کەند لێدان و کارەبا بڕین و بەنزین وشککردن و ڕێگا تێکدان و زەوی داگیرکردن و شار ناشرینکردنە هەموو بەیەکجار ساف بکەن، هەروەسا بیرم بۆ ئەوەش ڕۆیی سۆسیالە حەیاتەکە بۆ هەموو جەماوەری کوردستان دەرچێت، هەرچەندە 1 ملیۆن معاش خۆری بێ کەڵك لە کوردستان هەیە، زۆر زیاتر لە ژمارەی خێزانەکان، لەوەش زیاتر دام نابوو ئەوەی قەرزی ئەم گەلەیە، عانەیەکی حەرامی لای خۆیان نەهێڵن، بگرە قازانجیشی بخەنە سەر، چونکە خۆیان هەموو کۆنە مارکسین چاك دەزانن، پارە پارە ڕادەکێشێت، سەرمایە زێدەبایی بەرهەم دەهێنێت.

کەچی سەت حەیف و مەخابن ڕەنج بە خەسار دەرچووم، ڤیلا تەجاوزەکان زیاتر بوون، تەنها کۆلێتی هەژاران کەوتە بەر لمۆزی بڕیاری سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان.

نەخۆشی سەرکردایەتی کورد لەوەدایە، هێشتا ئەم بڕیارەی جێبەجێ نەکردووە، سەتی دیکە دەردەکات، هێشتا کۆلێتێکی تەجاوزی بەرپرسی نەڕوخاندووە، کەچی سەت کەپری هەژارانی تەخت کردووە، هەرچەندە بۆ یەکەم بڕیاری فەرمی دەرکردووە، دووەمیش خۆرسکییە تایبەتمەندی چینایەتی دەسەلاتە، بە بڕیار ڤیلا دەڕوخێنێت، لە پراتیکدا کەپر و کۆلێتی هەژاران.

سەیر بکەن لەم کوردستانە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، فایلدارە گەورەکان پلەو پایەو پێگەیان ڕوو لە ترۆپك هەڵدەکشێت، کەسیش لێیان ناپرسێتەوە، کەچی فایلدارە مەغدوورەکان لیژنەیان بۆ تەشکیل دەکرێت، نازانم تاوانکار دادگایان بۆ دادەمەزرێنرێت، یان لێژنەی لە بیربردنەوەو سازشکردن و پڕۆتۆکۆڵی سیاسی مۆرکردنیان بۆ دیاری دەکرێت؟، بۆ فایلداری بچووك لێکۆڵینەوە سازدەکرێت، گەورەو سەرمۆریش پلەو پایەیان زیاد دەکرێت.

باوەڕم وایە چەندە بڕیارەکانی دی جێبەجێکران، بەو لیژنە بەهێزانەوە، ئێستا ئەم فایلدارانەش هەر ئەوەندە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت، چۆن ڤیلای تەجاوزەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەیان ڕوو لە زیادبوونە، تاکو ئەو سی دیانەش تەواو بەتاڵ دە بن، لەو سەر دەبینیین نیوەی بەرپرسەکان فایلدارن، ئەوسا لە بری لێپرسینەوە پاداشتە کرێن، ئاخ بۆ فایلی وڵاتەکان دیکەش.

نازانم فایلداربوون لیژنەی لێکۆڵینەوە چارەسەری دەکات، یان دادگا کێشەکانیان یەکلا دەکاتەوە؟؟؟، ئەمەیە گاڵتەکردن بە دۆزەکە.

ئەو ناوانەی ئێستا لە ڕۆژنامەکان بلاو کراونەتەوە، لام مسۆگەرە پارتە گەورەکان بە ناوەنجییەکانیشەوە، چەندین ساڵ و عەیامە هەمان سی دیبیان لایە، ئیتر سڕی چییە ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ هەڵگرترا لۆ ئێستا؟.

کەس خۆی تێك نەدات، چەندە ڤیلاکان ڕوخێنران، چەندە ئاوارەکان گەڕانەوە، چەندە کەرکوك هاتەوە سەر کوردستان، چەندە... هەر هەمان هەێند ئەو لیژنەیەش لەو هەموو فایلدارە دەکۆڵێتەوە.

فایلدارەکانی خۆیان هەموو تەنزیم، خەت مائیل، شۆڕشگێڕ بوونە، ئەوانی دیش...